# نە ئینشیقاقمانکردووەو نەدژایەتی چاکیش دەکەین.

## عومەر محەمەد

دوای بلاَوبوونەوەی دەستلەکارکێشانەوەکەی ئێمە لەناوەندی چاك، چەند دەنگێك بەرز بوونەوە، بەداخەوە هیچ کام لەو دەنگانە نەیانتوانی ئەو دەستلەکارکێشانەوەیەی ئێمە وەکوخۆی بخوێنێتەوە،(لەکاتێکدا ئەوە مافێکی سروشتی خۆمانە) بەداخەوە بەتایبەتی ئەوکەسانەی بەناوی چاکەوە یان لە سەنگەری چاکەوە کەوتنە تەقە، کۆی قسەکانیان بێبناغە بوو، بەلاَم ئێمە بێدەنگیمان زۆر پێباشتر بوو لەوەی کات بەشەڕەوە بکوژین، چونکە لە بنەرەتدا بۆ شەر دەستمان نەکێشاوەتەوە بەڵکو پێویستمان بەبنیاتنانەوە بوو.

بۆیە ئەمجارەش ئەوە دووپاتدەکەمەوە هەرگیز ئامادەنیم دژایەتی ناوەندی چاك بکەم، چونکە رێزلەکارە باشەکانی دەگرم، رێز لە ئەندامە بەرێزەکانی دەگرم بەتایبەتی ئەوانەی بەپەرۆش بوون لەوەی دەستمان کێشایەوە،ئەوانەشی پێیانخۆش بوو ماڵیان ئاوابێ چونکە ئەوانیش ئازادن. دیسانەوە دەبێت بلێم: هەرگیز ئامادەنیم بچمە شەرێکەوە کە چاك لەتوپەتدەکاو دڵی ئەوکەسانەخۆش دەکات کە مرۆڤی چاکنین، نەخێر پێموایە کورد پێویستی بە رێکخراوی چاكو چەندین رێکخراوی تری وەکو چاك هەیە.. هەرکەسێك ئەوراستیە نەزانێ دەبێت ئەندامانی چاكورۆشنبیران بیزانن، چونکە ئێمە کۆمەلگەی دوای ئەنفالو جینۆسایدین تەنها خۆشەویستی دەتوانێ بنیاتمان بنێتەوە، ئەگەرچی رەخنەی زۆرتوندیشم لەچاك هەیە، پێشموایە ئەگەر بەجدی بەخۆیدا نەچێتەوە ئەمرۆ بێت یان سبەی هەردلی ئەو کەسانە خۆش دەکات کە لەهەوەنتە تۆمەتی بۆدروستدەکەنوهەولی تێکدانی دەدەن.

من لێرەش دەیلێم هەرگیز نەمانووتووە ناوەندی چاك گەندەڵە کێش پێمان دەسلمێنێ یان ئەو کەناڵە دەدۆزێتەوە کە لێیەوە ووتوومانە، باهەزارجار دوای لێبوردنیان لێبکەم، لە پێشەوە لەوکەسانەی ناوچاك کەهەولی گەندەڵ بوونی دەدەن، بۆیەش داوای لێبوردن دەکەم چونکە بەجوانترین نەریتی مرۆڤی دەزانم، کە بەداخەوە تا ئیستا ئەو نەریتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە جۆرە شەرمێك دادەنرێت.

ئەوانەی گومانی لایەنگری دەسەڵاتمان لێدەکەن یان دەستکێشانەوەکەمان بە ئینشیقاقو بەفیتی لایەنێکی سیاسی ناودەبەن، هیوادارم خۆیان لەخزمەتی دەسەڵاتدا یان لایەنێکی سیاسیدا ئەم پروپاگەندانە نەکەنو لەبەرخاتری ناوەندی چاك بێت، دەنا با لە ئێمە بێخەم بن، چونکە دەسەڵاتی کوردی شتێکی نیە من شانازی پێوەبکەم هەتا لایەنداری بکەمو رێکخراوی چاکی بۆ تێکبدەم. ئەوەی کەمێك دیقەتی بێتو لایەنگری مرۆڤ بێت ئەوەندە بەسە ئەنفالکراوێكو ئەنفالچییەك لەکوردستان موچەکەیان جیاوازی ئاسمانو رێسمانە.

هەرکەسێکیش نامەسئولانە لەدژمان قسەدەکات یان نانوپیازمان پێوە دەخوات، جا ئەندامی چاك بێت یان دژی بەرلەوەی هەوڵی چاك بوونی ئێمە بدات، یان تۆمەتمان بخاتە پاڵ، باشتروایە جاربەجارێك لەخۆی هەڵروانێو لەلۆژیکی بێدەنگیمان تێبگات، دەنا کەس بێقسە نامێنێتەوە.

ئەوەشی هەوڵی ناشرینکردنی خەڵکانی دەوروبەریبدات، سەرەتا لەناشرینکردنی خۆیەوە دەست پێدەکات، ئەوانەی ئازادی خەڵك ئەتك دەکەن پێویستە مشورێك لەئەتککردنی خۆیان بخۆن.

ماوەتەوە بلێم رێکخراو پێکناهێنینو پێکیشی بهێنین مافی خۆمانە، ئەگەرچی رەنگە هەرچی پێکبهێنین هەرگیز لەچاك چالاکترنەبێت، مافی خۆشمانە شانازی بەچالاکیەکانی چاکەوە بکەین چونکە هەرچۆنێك بێت تیایدا بەشداربووینوبەپێی توانای خۆمان کارمان بۆکردووەو تائێستاش دەستلەکارکێشانەوەکەمان قبوڵ نەکراوە، پێشموایە زووە بۆ ئەو کەسانەی لە ئێستاوە دەیانەوێت لە هەمووشت بێبەریمان بەکەن، بەدڵنیایەوە لەوەیاندا ئازادنین، چونکە ئازادیش بەرلەوەی هەرشتێك بێت ئیلتزامە.